# له نێوان شیعه و سونه دا کام هاوپه یمان...؟

شێرزاد خه راجیانی

به وپێ یه ی نه دۆستایه تی تا سه ره نه دوژمنایه تی..تا سه ربوون
ته نهابه رژه وه ندیه کانه. ئاشکرایه شیعه وه کو کورد و گه لانی تری عێراق ،
قوربانی چه وساندنه وه و ده سه ڵاتی ڕژێمی به عسی سونه عه ره ب بوون. ئه گه ر
چی دۆخی ئێستای نێوان عه ره بی عێراقی( شیعه و سونه ) به پێی هه موو ئه و
ئاماژه و سیگناڵانه ی ڕۆژانه چه ند باره ده بنه وه،دووباره بوونه وه ی جه نگێکی
خوێناوی تری وه ك شه ڕه کانی بۆسنه و هه رسك ،یان جه نگی ناوخۆی لوبنانه.
پرۆسه ی بنیاتنانه وه ی عێراق و پانتایی ده سه ڵات(شیعه) له ده وڵه ت دا تا سه ر
ناتوانێت له مپه ری به رده م ئه و جه نگه بێت.
شیعه ، به و پێیه ی زۆرینه و براوه ی یه که می هه ڵبژاردنه ( به درێژایی
بوونی عێراق نه ك په راوێزی ده سه ڵات بوون به ڵکو قوربانی ده ستی ده سه ڵاتیش
بوون) خه ون و پلانی ڕامیاریشیان هه ر ده وڵه تێکی شیعه ئیسلامی(وه ك ئێرانه ).
نکوڵی ئه وان و بانگه شه ی جیا له ئێستادا هه ر ڕێك وه ك ، بانگه شه ی کورده
( که گوایه ناخوازن سه ربه خۆ ببن).
کۆتایی ڕژێمی به عس ، کۆتایی و گۆڕینی دۆستایه تی ( کورد و شیعه )،
(کورد و ئۆپۆزیسیۆن) بوو. واتای سه رهه ڵدانی هاوکێشه ی ڕامیاری نوێ بوو.
پرسیاری هه نووکه یی بۆ کورد ئه مه یه : له نێوان شیعه ی دۆست و هاوپه یمانی
کۆن و سونه ی تازه ئۆپۆزیسیۆنی خاوه ن ئه نفا ل و هه ڵه بجه و بارزانی و فه یلی و
هه موو تراژیدیاکانی کوردستان, کورد هاوپه یمانی کامیان بکات...؟
سه ره تا ده بێت ئه وه مان هه میشه له یاد بێت ، له گه ڵ ئه و دوژمنایه تی یه
مێژوویه قووڵ و گه وره یه ی نێوانیان ( شیعه و سونه) به رامبه ر کورد له باری
نه ته وه ییانه وه هه ر عه ره بن.
ئیمرۆ ڕه خنه ی زۆر هه یه له سه ر ئه وه ی هه ر که س یان گرووپ یان
پارتێك به شداری جینۆسایدی کوردستانی کردبێت، ده بێت نه ك هه ر په یوه ندیه ك
بایکۆت بێت به رامبه ری به ڵکو ده بێت به خه ستی دژایه تی بکرێت.
به بروای من بۆچوونێکی وا نه ك له به رژه وندی نه ته وه یماندانی یه ، به ڵکو
زیان به خشیشه.
کورد ده بێت له هاو کێشه ی ئێستای عێراقدا زۆر هه ستیارانه مامه ڵه بکات ، به
شێوه یه ك به رژه وندیه نه ته وه ییه کانی پێوانه بێت ، له هه ر هاوپه یمانی و
دۆستایه تیه کی هه ر لایه ن وگرووپێك , به لام ده بێت هاو سه نگی ته واو له نێوان
شیعه و سونه ڕابگرێت ، به ڕاده یه ك دۆستایه تی هیچ لایه کیان له سه ر
به رژه وه ندی یه کانی کورد نه بێت.به بڕوای من بۆ پارسه نگی شیعه, کورد

ناچاری پشتگیری سونه یه ، ئه گه ر سه رکردایه تی ڕامیاری خه ڵکی کوردستان بتوانێت له پراکتیکدا  چه ند سونه ی عه ره ب ناچاری سه لماندنی داواکانی کورد بکات، ئه وه نده کارتی فشاری سه ر شیعه به هێزتر ده بێت لای کوردوه .

بارو دۆخی  سێگۆشه ی سونی نه ك چاوه ڕوانی ئارامی لێناکرێت ، به ڵکو پێده چێت به رده وام بێت. دیاره له کۆتایدا ئه مریکا و ده وڵه تی عێر اقیش ناچاری دیالۆگ له گه ڵ خۆی دا  ده کات, تا ئه وه نده ی بۆیان ده کرێت جێگای خۆیان له نه خشه ی ڕامیاری دا بگرن.

شیعه نه ك ناخوازن  سونه به شداری ده سه ڵات بێت، به ڵکو له ژێر فشاری ئه مریکا و بۆ خۆ تۆکمه کردن ،شه ڕی سونه یان ڕاگرتووه، که به بڕوای من ڕوونه دانی زۆر سه یره، له ئاینده یه کی نزیکدا.

خوێندنه وه ی   ڕامیاریانه بۆ ئێستای عێراق ئه وه یه  سونه پتر داواکانی کورد ده سه لمێنێت( هۆکاره کان دیارن) ، به و پێیه کورد ناچاری هاوپه یمانی ئه وانه. و ئه وانیش پێویستی زۆریان به کورده.

جا ئه وه ی نوێنه ر ی سونه ی عه ره ب هه ڵده بژێرێت ، سونه خۆیانن نه ك کورد یان شیعه، به ڵام کورد له و په یوه ندیه دا ده توانێت بایکۆتی کۆمه ڵێك که س بکات ، که مێژووی ڕه شیان هه بێت له کوردستان ، به ڵام ناتوانێت وا بکات نوێنه ر یان بۆ دیاری بکات.

ڕۆڵی سونه ئاشکرایه له مێژووی عێراق  و به تایبه ت ڕه شترین 35 ساڵی دوایدا.
جا به و پێیه ی له ڕامیاریدا ڕه چاوی به رژه وندی نه ته وه یی ، ئابووری،.....
.ده کرێت نه ك سۆز و هه ست.

ده کرێت  کورد ده رگا له سه ر سونه دابخات ، چونکه له سه ر ده ستی ئه واندا ( هه موو تراژید یا ی کورد ) چیٚ بووه ؟؟ مێژوو هه رگیز وا ناڵێت. یان  ڕه چاوی به رژه وه ندیه کانمان بکه ین  له هه ڕپه یوه ندی و هاوپه یمانیه کدا ؟؟

نموونه زۆر زۆرن وه کو : ئه رمه ن و تورك، جوله که و ئه ڵمان، جوله که و عه ره ب، سرب و بۆسنی و کرواتی و کۆسۆڤۆیی.......هتد.

ئه گه ر به هه ست و گیانی تۆڵه بوایه نه ده بوو عه لی وویلایه تی هه رگیز له گه ڵ تاریق عه زیز له ئابی 1988 دا له ژنێڤ کۆبوایه ته وه.

له کۆبونه وه کدا که جگه ره کێشانه که ی تاریق عه زیز ئه وپه ری له خۆبایی بوون بوو. به ڵام په سه ندکردنه که ی ویلایه تی قومێکی ئه و ژه هره بوو که به ڕاستی خومه ینی بۆ به رژه وه ندی ئێران خواردی.

پرسیاری زۆر گرنگ ئه مه یه : کورد ده بێت ڕابردوو بکاته  په یژه ی ئاینده یه کی گه ش ، یان ئێستا و داهاتووی نه وه کانمان بکات به قوربانی ڕابردوویه ك که هه رگیز له بیری که سمان ناچێته وه. .....؟؟؟